### لالە ئەسکەندەری ئەکتەری ناسراوی ئێران:

# زۆر ئارەزوو دەکەم لە فیلمێکی کوردیدا بەشداری بکەم



لالــە ئەســکەندەر یەکێك بوو لــە میوانە دیارەکانی یەکەم فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەمایی هەولێر، لالە جگە لە نواندن لە بواری فۆتۆگرافی و مۆزایکیشدا رۆڵی هەبووە و بە یەکێك لە ئەکتەرە ســەرکەوتووەکانی ئێران دادەنرێت، لــە دەرفەتێکدا بەم شــێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

**• سەرنج و تێبینیت چییە دەربارەی فیلمە کوردییەکان ئەوانەی لە فیستیڤاڵەکە بینیت و چۆن هەڵیاندەسەنگێنی؟**

- ئەمە یەکەم سەردانی منە بۆ کوردستان و هەولێر، ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەوەیە کە ئەم وڵاتە خاوەن توانایەکی زۆرە و لەرووی تەکنەلۆژیا و بیناسازییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هەست دەکەم ئەو پێشکەوتنە لە رووی هونەر و فیلمەوە بە هەمان شێوەی پێشکەوتنی بوارەکانی دیکە نییە، بۆ نموونە کەسێکی وەکو بەهمەنی قوبادی هەیە کە ئەویش کوردە و زۆریش سەرکەوتوو بووە لە کارەکانی و فیلمەکانی لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا نمایش دەکرێن و بەردەوام خەڵاتی جیهانی بە دەست دەهێنن، ئەمەش وایکردووە کە ئێران و کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراقیش شانازیی بە کارەکانییەوە بکەن، ئەوەی لە کۆتایی ئەم فیستیڤاڵە تێبینیم کرد ئەوەیە کە رێگایەکی زۆر لەبەردەم سینەماکارانی کورد ماوە، بەڵام هەنگاوی یەکەم هاوێژراوە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ بەردەوام بوون و سەرکەوتن.

**• وەك سینەماکار و ئەکتەرێکی خاوەن ئەزموونی ئێرانی، چ کەموکوڕییەکت لە فیلمە کوردییەکان بەدی کرد کە زیاتر سەرنجی راکێشابییت؟**

- ئەوەی راستی بێت من لە نزیکەوە زانیارییەکی زۆرم دەربارەی سینەمای کوردی و وردەکارییەکانی نییە، بۆیە ناتوانم وەڵامێکی راستی ئەمەت بدەمەوە بە جۆرێك بتوانم لایەنە خراپەکان یاخود کەموکوڕییەکانی سینەمای کوردی دەستنیشان بکەم، بۆیە پێویستە زیاتر لە نزیکەوە ئاگادار بم بۆ ئەوەی ئاشنایەتی زیاترم هەبێت دەربارەی سینەمای کوردی، ئەگەرچی ئاگاداری ئەوەم کە فیستیڤاڵی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت لە کوردستان، بە هەر حاڵ وەك پێشتریش وتم من لەبەر ئەوەی زۆر فیلمی کوردیم نەبینیوە ناتوانم حوکم لەسەر لایەنە باش و کەموکوڕییەکانی سینەمای کوردی بدەم.

**• وەك خۆت وتت زۆر فیلمی سینەمایی کوردیت نەبینیوە تا ئێستا، بەڵام لەو فیلمانەی کە بینیوتە تێبینی هیچ نزیك بوون و لێکچوونێکت کردووە لە نێوان سینەمای کوردی و سینەمای ئێرانی کە بۆ تۆ مایەی سەرنجڕاکێشان بێت؟**

- من پێموایە سینەمای ئێرانی و کوردی لە زۆر رووەوە هاوشێوەی یەکترن بەتایبەتی لە بواری فەرهەنگ و کەلتوورەوە، چونکە ژیان و کۆمەڵگاکانمان زۆر لە یەکترییەوە نزیکن، هەروەها لە رووی ئەدەب و فەرهەنگیشەوە کوردستانی ئێران و عێراقیش زۆر لە یەك نزیکن و ئەم لێك نزیك بوونەش وا دەکات کە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ فەرهەنگ و کەلتووری ئێرانیش نەبێت، من ئەو چەند رۆژەی لێرە بووم تێبینیم کردووە کە لە زۆر رووەوە ئێمە جیاوازیمان نییە، لە جلوبەرگ و گۆرانی و سەما و تەنانەت قسە کردن و رەفتار و هەڵسوکەوت و شێوەی ژیانی ئێوە زۆر زۆر لە هی ئێمە نزیکە و شتێکی نامۆ نییە بۆ کەسێکی ئێرانی، بە رای من ئەم نزیك بوونەوەیە وادەکات کە فیلم و دراما ئێرانییەکان لە کوردستان جەماوەرێکی زۆریان هەبێت، بە هەمان شێوە دڵنیام ئەگەر کارە هونەرییەکان و فیلمی کوردی بگاتە ئاستێك کە بنێردرێن بۆ ئێران و لەوێ نمایش بکرێن بێگومان جەماوەری ئێرانی پێشوازییەکی گەرمی لێدەکات، چونکە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو فەرهەنگە نابینێت و خاڵە لێکچووەکانیان زۆر زیاترن لە خاڵە جیاوازەکانیان، بۆیە من وای دەبینم لە ئاییندەیەکی نزیکدا تێکەڵی و پێوەندییەکانمان بەرەو پێشچوونێکی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت جا لە بواری سینەما و فیلم بێت یان لە بوارەکانی دیکەی ژیان بە گشتی.

**• ئێمە باسەکەمان زیاتر دەربارەی نواندن و سینەمایە، ئەو نزیك بوونەی تۆ باسی دەکەی تا ئێستا لە فیلمە سینەماییەکان رەنگی داوەتەوە و سینەماکارانی هەردوولا سوودیان لەو خاڵە وەرگرتووە؟**

- وەڵامی ئەم پرسیارە دیسان دەمگەڕێنێتەوە سەر پرسیارەکەی پێشووت، چونکە من لەبەر ئەوەی فیلمی کوردیم زۆر نەبینیوە ناتوانم حوکمێکی لەو شێوە بدەم، بەڵام ئێستا دەرفەتێکی باش لە ئارادایە بۆ ئەوەی سینەماکارانی هەردوولا ئاشنایەتیی زیاتریان دەربارەی کارەکانی یەکتری هەبێت، بۆ من بەداخەوە تا ئێستا ئاشنایەتییەکی زۆرم لەگەڵ سینەماکارانی کوردیش نییە، هیوادارم لە ئاییندەیەکی نزیکدا ئەم دەرفەتەم بۆ بڕەخسێ کە فیلمی کوردی زیاتر ببینم و بتوانم لایەنە باش و کەموکوڕییەکانی دەستنیشان بکەم، لە هەمان کاتدا خاڵە نزیك و لێکچووەکانی نێوان سینەمای هەردوو وڵات بزانم بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سوودیان لێ وەربگرین.

**• ئێمەی کورد چۆن بە چ رێگایەك دەتوانین سوود لە سینەمای ئێرانی ببینین لە کارە سینەماییەکانی خۆماندا؟**

- سینەمای ئێرانی لە ساڵانی رابردوو نەك لەسەر ئاستی ناوچەکە بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی هەنگاوی زۆری هاوێشتووە، ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی کە لەسەر ئاستی جیهان سوودی لێ ببینرێت، زۆر لە سینەماکارە ئێرانییە ناودارەکان ئامادەن لە دەرەوەی ئێران کار بکەن، ئێستا یەکێك لە گرفتەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی نەبوونی بودجەی پێویستە، پێموایە ئەگەر سینەماکارانی ئێران و کوردستان هەماهەنگی یەکتری بکەن لە چەند کارێکی هاوبەشدا دەبێتە هۆی زیاتر ناساندنی سینەمای کوردی بە جیهان، لە هەمان کاتدا ئەم هەماهەنگییە سوودی بۆ سینەماکارانی ئێرانیش دەبێت.

**• ئەو هەماهەنگییەی کە تۆ باسی دەکەی تەنیا لە بواری بودجە دەبێت یاخود لە بواری ئەکتەر و وێنەگرتن و سیناریۆ نووسین واتە لە لایەنە تەکنیکییەکانیش هەماهەنگی دەکەن؟**

- ئەگەر فیلمەکان لەگەڵ مەرج و رێنماییە پەیڕەو کراوەکانی ئێران بگونجێن و سەرپێچیی نەکەن پێموایە دەتوانن کاری زۆر جوان و بەرز بەرهەم بهێنرێت لەنێوان هەردوو لادا، لە ئێستادا بە نزیکبوون و لێکچوونی فەرهەنگی هەردوو لادا دەتوانرێت سیناریۆی جوان بنووسرێتەوە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئێران بکرێت دەتوانرێت ئەم کارە بکرێت، من خۆم حەزم دەکرد ئەو دەرفەتەم بۆ دروست بێت کە بتوانم بێم لەو وڵاتە لە کارێکی سینەماییدا بەشداری بکەم، بەڵام ناتوانم لە هەر کارێکدا بێت بەشداری بکەم، ئومێدەوارم لە داهاتوودا ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێت لە فیلمێکی کوردی یان فیلمێکی هاوبەشدا بەشداری بکەم و رۆڵ ببینم.

**• دوایین کارت چی بوو ؟**

- دوایین کاری هونەریم کە بەشداریم تێداکرد زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی بوو بۆ تەلەفزیۆنی ئێران تۆمارمان کرد بەناوی ( دولتی مخفی ) کە باس لە سەردەمی جەنگی نێوان عێراق و ئێران دەکات و ٢٦ ئەڵقەیە ئەگەر بە هەڵە نەچووبم لە پاییزی ئەم ساڵ دراماکە نمایش دەکرێت.



**پرۆفایل**

لالە ئەسکەندەر ساڵی ١٩٧٥ لە توربەت حەیدری لە دایکبووە لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە تاران لە بواری گرافیکیی خوێندووە، هەروەها فۆتۆگراف بووە و چەندین پیشانگای فۆتۆگرافی کردووەتەوە و لە تاران کاری مۆزایکیشی کردووە بۆ ماوەی ٨ ساڵ، نزیکەی ٢١ ساڵە لە بواری فیلمدا کار دەکات و تا ئێستا بەشداری لە ٣٦ فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا کردووە بەم شێوەیە:

فیلمی سینەمایی: دولت مخفی، خشاب خالی، ێخرین نقش، مخمصە، ێفتاب بر همە یکسان می‌تابد، رانندە تاکسی، شوریدە، گرداب، این زن حرف نمی‌زند، شرارە، متولد ماە مهر

کارەکانی لە تەلەفزیۆن: خاک سرخ، مشق عشق، در چشم باد، همچون سرو، مادر، اولین انتخاب.

# سومەیا لە جیاتی هەولێر چووە مەراکیش

بڕیار وابوو لە کۆتایی مانگی رابردوودا ئەستێرەی سینەمایی و گۆرانیبێژی میسری سومەیا ئەلخەشاب بە یاوەریی ژمارەیەك لە هونەرمەندانی دیکەی میسر وەك ئیلهام شاهین و خالید یوسف و عەلی بەدرخان و چەندین هونەرمەندی دیکەی هیندی و بیانی سەردانی هەولێر بکەن بۆ بەشداری کردن لە یەکەم فیستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتیی هەولێر، هیندییەکان داوای پارەیەکی زۆریان کرد کە لە سەرووی توانای رێکخەرانی فیستیڤاڵ بوو بۆیە نەهاتن. میسرییەکان هەندێکیان هاتن لەوانە دەرهێنەری گەورە عەلی بەدرخان و ژمارەیەکی دیکەشیان، هەروەها بڕیار وابوو ئیلهام شاهین و سومەیاش بێن، بەڵام ئەوانیش بە بیانووی تەواو نەبوونی ڤیزا و چەند هۆکارێکی دیکەی تایبەتەوە نەهاتن، ئەگەرچی ڤیزەکانیان تەواو بوون، نەهاتنی ئیلهام و سومەیا مشتومڕێکی زۆر دروستکرد، چونکە ئەمانە بە دوو ئەستێرەی ناوداری سینەمای میسری دادەنرێن و خاوەن جەماوەرێکی زۆرن لە کوردستان و عێراق کە بە تامەزرۆی هاتن و بینینیان بوون، هەرچۆنێك بێت فیستیڤاڵەکە سازکرا و تەواو بوو و فیلمە براوەکان خەڵات کران، بەڵام بە چەند رۆژێکی کەم دوای تەواو بوونی ئەم فیستیڤاڵە لە وڵاتی مەغریب خولی یەکەمی فیستیڤاڵی (مەغریب شانشینی هونەرەکان) ساز کرا و سومەیا یەکێك بوو لە ئەستێرە درەوشاوەکانی فیستیڤاڵ شان بە شانی چەند



# کیرا:
# رێگا نادەم کچەکەم ببێتە ئەکتەر

ئەستێرەیەکی دیکەی سینەمایی وەك دالیا ئەلبحێری و ئەمیرە فەتحی و ئیمان ئەیوب و چەندانی دیکە و ژمارەیەك ڕاگەیاندنکاری ناوداری میسری. سومەیا لە ڕۆژانی فیستیڤاڵ زۆرترین گرنگی پێدرا لەلایەن میدیاکارانی عەرەبی و مەغریبی، چونکە ئامادەی زۆربەی هەرەزۆری نمایشەکان بوو و چەندین دیمانەی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ کەناڵ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئەنجامدا سەرەڕای بەشداری کردنی لە سازدانی ژمارەیەك کۆڕو سیمیناری تایبەت بە سینەما لە ئێستا و چۆنییەتی پێشخستنی سینەما و بوونی بە هۆکارێك بۆ ناساندنی گەلان و لێك نزیك کردنەوەی نەتەوەکان.

شایەنی باسە بەر لە سازدانی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر سومەیان لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی میسری خۆشحاڵی خۆی نیشاندابوو بە بەشداری کردن لە فیستیڤاڵەکە و وتی: ئەگەرچی نازانم بە زمانی کوردیش قسە بکەم، بەڵام خۆشحاڵم کە بەشداری لەو فیستیڤاڵەدا دەکەم.



## کاتی گۆرانییەک بەبۆنەی جیابوونەوەی بڵاو دەکاتەوە!!

کاتی بیری کچە گۆرانی شۆخ و شەنگی ئەمریکی بەم دواییە بە گۆڤاری Cosmopolitan ڕاگەیاند کە جیابوونەوەی لەجۆن مایری هاوڕێی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی تایبەتی و هونەریی هەبووە، بۆیە بە نیازە گۆرانییەکی تایبەت بە جیابوونەوەی تۆمار بکات لە ئەلبوومی داهاتووی کە بە نیازە لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاوی بکاتەوە.

کاتی دانی بەوە ناکە ئەلبوومە نوێیەکەی چەند گۆرانییەك لە خۆدەگرێت کە بیرۆکەکەی، ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی بەتایبەتی جیابوونەوەی لە هاوڕێیەکەی، بڕیار وایە کاتی لە بەرگی خۆیەتی گۆڤارەکەدا دەربکەوێت و نازناوی (ئەستێرەی یەکەمی بەرگ) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنیا یەك وێنە ناگرێت بۆ گۆڤار، بەڵکو بڕیار وایە ٦٢ گرتەی جیاواز بگرێت.

سەرەڕای جیابوونەوەیان جۆن مایر زۆر ڕێزی بیری دەگرێت و متمانەی پێی هەیە لە گۆرانییەکانیدا، بەڵام حەز ناکات بەرامبەر خەڵك لە گۆرانیدا باس لە ژیانی تایبەتیی بکرێت.



خانمە ئەستێرەی سینەمایی بەریتانی کیرا نایتلی کە یەکێکە لە ئەستێرە دیارەکانی هۆڵیۆد و لە فیلمەکانیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، لە دیمانەیەکیدا ڕایگەیاند: ئەگەرچی من ئێستا هیچ کچم نییە، بەڵام ئەگەر کچێکم هەبێت ئامۆژگاریی دەکەم بە هیچ شێوەیەك لە کاری هونەری و بەتایبەتی لە هونەری نواندن نزیك نەبێتەوە. کیرا کە تا ئێستا هیچ منداڵێکی نییە لەم بارەیەوە بۆ گۆڤاری (ئال)ی بەریتانی وتی: ئەگەر کچێکم هەبێت و بزانم هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەیەوێ ڕوو لە نواندن بکات، ئەوا کار دەکەم بۆ ئەوەی بە ڕێژەی ١٥٠ ملیۆن-تریلیۆن لە سەدا وای لێدەکەم پەشیمان بێتەوە و ڕوو لەو کارە نەکات، لەم بارەیەوە کیرا زیاتر وتی: پێویستە کچانی تەمەنی هەرزەکارژیان لە کەشوهەوایەکی تایبەتدا بەرێ بکەن نەك لەنێو کەشێکی پڕ لە جەنجاڵی و زەحمەتی، چونکە ئەگەر کچ بێت بە ئەکتەر ناچارە شەوان دەربچێت وبەشێوەیەکی ناسروشتی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات و ڕووبەڕووی چەند هەڵوێستی ناڵۆژیکی دەبێتەوە، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تووشی هەڵەی زۆر ببێتەوە لە ژیانیدا کە تا هەتایە کاریگەری دەبێت. شایەنی وتنە کیرا نایتلی کچی ئەکتەر ویل نایتلییە و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ڕووی لە کاری نواندن کردووە.

## هونەرمەندی ناودار مونا واسف:

# شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم

فیلمی (الرسالة) یەکێکە لەو فیلمانەی لە زهنی هەمووماندایە و ئەگەر چەند جارێکیش بە بەردەوام سەیری بکەین تووشی بێزاری نابین و زیاتر سەرنجمان رادەکێشێت وەك ئەوەی یەکەم جار بێت بیبینین، لەو کاراکتەرانەی زیاتر سەرنجی بینەر رادەکێشی (هندی کچی عوتبە)یە کە بە بکوژی ئیمام هەمزە رەزای خوای لەسەر بێت ناسراوە و خانمە ئەستێرەی ناوداری سوری بە رەچەڵەك کورد مونا واسف رۆڵەکەی دەبینی، مونا بەر لە چەند رۆژێك لە هەولێر بوو وەك ئەندامی لیژنەی دادوەری یەکەم فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەمایی هەولێر، لەو رۆژانەی کە لێرە ماوە چەند جارێك لەگەڵی دانیشتین و زۆر بە راشکاوی باسی گرنگترین رووداوەکانی ژیانی خۆی دەکرد وەك بینینی رۆڵی هند و هاتنی بۆ کوردستان و رای دەربارەی فیلم و سینەمای کوردی.

لە یەکەم رۆژی گەیشتنی بە هەولێر لە راگەیاندنە عەرەبییەکانی پروپاگەندەی مردنی مونا واسف بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەو هەواڵەی رەت کردەوە و زیاتریش وتی: ئەو رۆژەی کە من گەیشتمە هەولێر لە چەند شوێنێك ئەو هەواڵە بڵاوکرایەوە و زۆر لە خزم و کەسەکانم پێیان زانی بوو لە هەمان کات دەیانزانی من لە هەولێرم، تەنانەت کوڕەکەم کە لە ئەمریکا نیشتەجێیە پەیوەندی پێوەکردم و لە تەندروستی پرسیم، بەڵام هیچی تری پێ نەگوتم، دواتر لێرە ئەو هەواڵەیان پێ راگەیاندم گوایە من مردووم و بە پێکەنینەوە وتی ئێستا بگەڕێمەوە شام ئەوا دەبێ لە پرسەی خۆم ئامادە بم، بەڵام ئەم پروپاگەندە یەك شتی بۆ من دەرخست ئەویش ئەوەیە کە جەماوەرەکەم منیان خۆشدەوێت ئەمەش بۆ من باشترین سەرمایەیە.

چۆنیەتی هاتنی بۆ کوردستان و بوونی بە ئەندامی لیژنەی دادوەرانی یەکەم فیستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتی هەولێر رێکەوت بوو لەم بارەیەوە وتی: لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو تەنیا سێ جار سوریام جێهێشتووە، جاری یەکەم و دووەمم بۆ تۆمارکردنی دوو زنجیرە دراما بوو، ئەمەش جاری سێیەمە کە بە رێکەوت بوو، رۆژێکیان من لە تەلەفزیۆن ریکلامێکی بوونی هەولێرم وەك پایتەختی گەشتیاری عەرەبی ٢٠١٤ بینی و زۆر دڵخۆشی کردم، ئەو کات زۆر حەزم کرد لە نزیکەوە ئەو پێشکەوتنەی هەولێر و کوردستان ببینم، چونکە منیش کوردم و لە خانەوادەی (چل میران)م و زۆریش شانازیی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم، دوای چەند رۆژێك تەلەفۆنێکیان بۆ کردم لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێرەوە و داوایان لێکردم وەك ئەندامێکی لیژنەی دادوەری فیستیڤاڵەکە بەشدار بم، ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆش کردم و رازی بووم لەسەر داواکە و هەستم کرد کە خوا منی زۆر خۆشدەوێت، چونکە یەکێك لە خەونەکانم خەریکە دێتە دی و خەڵکی وڵاتی خۆم بە زمانی کوردی پێم دەڵێن ئەمە (مونا واصف چل میرانی) یە، بۆیە ئەوەی بینیم بۆ من سوپرایز نەبوو کاتێك خەڵك بە چەپڵەرێزان و رێز و تەقدیرێکی زۆرەوە پێشوازییان لێکردم بە جۆرێك هەرگیز ئەم پێشوازییە لە بیر ناکەم.

رۆڵی (هندی کچی عوتبە) لە فیلمی (الرسالة) یەکێکە لە دیارترین رۆڵە هونەرییەکانی، زۆر بەسەرهات و سەربوردەی جیاجیاشی هەبوو دەربارەی بەشداری کردنی لەم فیلمی و رازی بوونی بەمە رۆڵە مونا دەڵێ: کە سیناریۆکەم خوێندەوە زۆر بە دڵم بوو، چونکە هەستم دەکرد خۆم لە نێو سیناریۆکەدا دۆزییەوە و هەستم دەکرد کە دەتوانم زۆر بە باشی رۆڵی ئافرەتێکی بەهێزی تێدا ببینم کە نموونەی هێز و ئافرەتی ئەو سەردەمە بوو، ئەگەرچی بەهۆی شەهید کردنی ئیمام هەمزە رەنگە کار بکاتە سەر ئاستی جەماوەریتیم، چونکە ئەو وەحشییەی کە ئیمام هەمزەی شەهید کرد دەڵێم گوایە لەسەر کارەکەی دەرکرا، ئێستاش زۆر جار کە لە بازاڕ یان شوێنە گشتییەکان دەمبینن بە هیند بانگم دەکەن، من



شانازیی بەو ڕۆڵەوە دەكەم و وەرچەرخانێك بوو لە ژیانی هونەریم و هۆكارێك بوو بۆ ناسینی زیاتری من لەلای جەماوەرەوە.

بە حوكمی ئەوەی ئەندامی لیژنەی دادوەرانی فیستیڤاڵی هەولێر بوو بەشێك لە فیمە كوردییەكانی بینی و بەپێی ئەزموونی خۆی هەڵسەنگاندنی بۆ كردووە و خاڵە لاواز و بەهێزەكانی دیاریكردووە لەم بارەیەوە وتی: هیچ كارێك بەبێ كەموكوڕی نابێت، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی فیلمە كوردییەكان باش بوون، هەر فیلمێك كێشەیەكی دیاریكراو باس دەكات و پەیامێكی هەیە دەیەوێ بیگەیەنێت بۆ چارەسەر كردنی ئەمە كێشەیە، فیلمی كوردی زۆر بە قوڵی دەچێتە نێو ئەو كێشەیەی كە دەیەوێ بیگەیەنێت و زۆربەی لایەنەكانی كێشەكە دەخاتەڕوو، ئەوەی زۆر دڵخۆشی كردم ئەوە بوو كە فیلمی كوردی كێشەكە بە جوانی دەخاتەڕوو بە جۆرێك بۆ هەموو لایەك ڕوون و ئاشكرا بێت لە هەمان كاتدا هەوڵی زۆر جددیش دەدات بۆ ئەوەی چارەسەرێكی گونجاو بۆ كێشەكە بدۆزێتەوە كە بۆ جەماوەر ڕوون بێت، ئەمەش خاڵێكی ئیجابییە.

سەبارەت بە ئاستی سینەمای كوردیش لە ئێستادا و ئایا گەیشتووەتە ئاستی هۆلیۆد و بۆلیۆد مونا وتی: ناتوانین بڵێین سینەمای كوردی گەیشتووەتە ئاستی سینەمای جیهانی وەك بۆلیۆد یان هۆلیۆد، چونكە ئەوان چەندین ساڵ لە پێش ئێوەوەن و سینەما و فیلم بۆ ئەوان ئێستا بووەتە پیشە و ساڵانە بە دەیان فیلم بەرهەم دەهێنن، بەڵام ئەوەی زۆر دڵخۆشم دەكات ئەوەیە لە كوردستان هاریكاریی سینەماكاران دەكرێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلم ئەمەش جێگای دڵخۆشییە و دڵنیام لە داهاتوودا ئەم هەنگاوانە زیاتر و باشتر دەبن و خزمەت بە سینەمای كوردی دەگەیەنێت و هۆكارێك دەبێت بۆ پێشكەوتن.

مونا سەرسامە بە پێشكەوتنی كوردستان بۆیە چەند جارێك وتی: زۆر خۆشحاڵم كە ئێستا لە شاری هەولێرم و لە نزیكەوە كاروانی ئاوەدان كردنی ئەم وڵاتە دەبینم، دیارە ئەو گەلانەی كە زوڵمیان لێدەكرێ و دەچەوسێنرێنەوە كاتێك ئازادی و مافەكانی خۆیان بە دەست دەهێنن بە خەبات و قوربانیدان، ئەم گەلانە بەهێزتر دەبن و بە بڕوا و توانایەكی زۆرەوە دێنەوە مەیدان ئاوەدان و پەرەپێدان و پێشخستنی وڵاتەكەیان، من ئەمەم لە كوردستان بە ئاشكرا بە دی كرد، بۆیە هیوادارم گەلی كورد لەم كاروانە بەردەوام بن و وڵات زیاتر پێش بكەوێت، ئەم پێشكەوتن و ئاوەدانییە مایەی دڵخۆشییە بۆ هەموومان، هەروەها دەمەوێ لێرەوە ئەوە بڵێم كە زۆر شانازیی بە كوردبوونی خۆمەوە دەكەم، من دەمتوانی بڵێم من عێراقیم یان سوریم یان تورك، بەڵام هەمیشە وتومە : من مونا واصف (چل میرانی)م و هەمیشە ئەمە دووبارە دەكەمەوە.